# شەڕی کولتوورییەکەی ئەردۆغان

و. لە ئەڵمانییەوە: هەڵۆ بەرزنجەیی




سەرۆک : بە توندی پەلاماری ئەوروپا و ئەڵمانیا دەدات بە شێوەیەکی وا توند کە پێشتر شتی وا نەبووە.

بەم وروژاندنە چ مەبەستێکی هەیە و دەیەوێ تورکیا بەرەو کوێ ببات....

ئەوەی ڕاستی بێت، بەهۆی پەتای کرۆناوە خۆپیشاندان لە تورکیا ڕێگەپێنەدراوە. بەڵام ئەگەر بێت و بۆ بەرژەوەندی ڕژێم و ئەردۆغان بێت، ئەوە مەسەلەکە شتێکی ترە. ئەوە دەبینین لە ئەستەمبوڵ و گەلێ شوێنی دیکە، دەستە و تاقم لە پەنابەری سووری کۆبوونەتەوە و خۆپیشاندان دژی فەرەنسا ئەنجام دەدەن... پێشتر ئەردۆغان هێرشێکی توندی کردە سەر ئەوروپا، بەتایبەت پاریس و بە دوژمن و هێرشکاری گەورەی دژی ئیسلام باس کرد. ئەوروپای بە نازی ناو هێنا و بانگەوازی بایکۆتکردنی شمەک و کەرەسەی فەرەنسی کرد. بەم سیاسەتە ئەردۆغان دەیەوێ سەرنج لەسەر باروودۆخی داتەپیو و خراپی ناوخۆ دوور بخاتەوە و هێزێکی دەرەکی بکاتە بەرپرسی ئەو دۆخە نالەبار و وێرانەی ناوەوەی تورکیا .

چ ڕەخنەیەکی لە ئەوروپا هەیە؟

بابەتێکی شەرانگێزییە دژ بە ئەوروپا بەهۆی کێشانی سنوور لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستە. کێشەی لەگەڵ ئەمەریکا لەسەر کڕینی چەکی سیستەمی بەرگرییە لە رووسیا . لەگەڵ ڕووسیا بەهۆی بەشداریی و دەستێوەردانە لەشەڕی نێوان ئارەربایجان و ئەرمینیا لە چیا قەرەباغ و پشتیوانیکردنی ئارەربایجانە. تورکیا ئەمانە دەکات بە بیانووی ئەوەی هێزە دەرەکییەکان نایانەوێ تورکیا ببێتە

زلهێزێکی هەرێمی. هەمان بیانووش بە ئەوروپا دەگرێ، لەم دۆخەدا سەرۆکی فەرەنسا ماکرۆنی کردۆتە ئامانجی هێرشەکانی خۆی. چونکە بەهۆی سیاسەتی فراوانخوازی و شەڕانگێزییەوە ماکرۆن داوای سزادانی تورکیا دەکات و دژی ئیسلامی سیاسی لە فەرەنسا دەجوڵێتەوە.

ئەردۆغان ماکرۆن بە ئەقڵ نەخۆش دادەنێ و هەروەهاش جنێو بە ئەڵمانیا دەدات و بە راسیست و دژە ئیسلام تاوانباری دامودەزگاکانی دەکات.لەسەر ئەوەی پۆلیس هەفتەی پێشوو لە بەرلین ،ویستوویەتی مزگەوتێک بپشکنێ .

بۆ سەرۆکی تورکیا وا بەتوندی هێرش دەکات؟ ..

چونکە پێویستی بە بابەتێکە ڕای گشتی گیرۆدە بکات، بەهۆی ئەو بارە ناهەموار و خراپەی ئابووری ناوخۆوە. بەهای لیرە بەرامبەر بە دۆلار و یۆرۆ تەواو داڕماوە. لەسەرەتای ساڵەوە تا ئێستا لیرە٪25 لەبەهای خۆی لەدەست داوە. ئەردۆغان و وەزیرەکانی بە دروشمی خۆراگری و لوتبەرزی ڕاوەستاونەتەوە بەرامبەر بەخەمی خەڵک و کات.

لەگەشتێکیدا ئەردۆغان بۆ ناوچەیەک ڕووبەڕووی کەسێک دەبێتەوە پێی دەڵێ: توانای کڕینی نان و ئاوم نییە بۆ ماڵەوە. ئەردۆغان بەلایەوە سەیر دەبێت و دەڵێ: ئەمە زیادڕەوی دەکات.

بەم شێوەیە درێژە بەشەڕی دژی ئەوروپا دەدات. ئەردۆغان وا دەکات بەهەموو شێوەیەک دۆخەکە لەبیر خەڵک بباتەوە بۆئەوەی بەرنامە و سیاسەتی خۆی درێژە پێ بدات. هیچ ترسی لە ناڕەزایی دەربڕینی خەڵک نییە؟ چونکە دادگا و نیوەی میدیای داگیرکردووە و بەدەست خۆیەوەیەتی...

ئەردۆغان تورکیا بەرەو کوێ دەبات؟.

لەشەڕ و دژایەتیکردنی ئەوروپادا ئەردۆغان هەر بەتەنیا مانۆڕی ڕەتکردنەوە ئەنجام نادات، بەڵکو دەیەوێ حکومەتەکەی خاوەن قسە و بڕیار بێت لەسەر کێشە و بابەتەکانی ناوچەکە لە قەوقازەوە هەتا باکووری ئەفریقا. هاوکات خۆیشی بە پارێزەر و قسەکەری تەواوی موسڵمانانی جیهان دەزانێ. لە پشت ئەم خەون و مەرامەشەوە، نهێنییەک خۆی حەشار داوە: تورکیا چی دیکە خۆی بە بەشێکی ڕۆژئاوا دانانێ ، بەڵکو هێزێکە لەسەرپێی خۆی وەستا و سەربەخۆی بەدەسەڵاتی هەرێمییە..

ئەوەی سەیرە ئەردۆغان وەک یەک و بەیەک پێوەر بەو شێوەیە پەلاماری ئەوروپا دەدات ، پەلاماری ئەوانی دیکە نادات.. بۆ نموونە دژی هێرشی ئاسمانی رووسیا بۆ سەر ئیدلیب لە سووریا و کوشتنی زیاتر لە٨٠ کەس لەدەستەو تاقمی لایەنگرانی چەکداری سەر بەئەنقەرە. هەروەها دەربارەی هەلسوکەوتی خراپی چین لەگەڵ ئویگورەکان هیچ فزەیەک ناکات.

ئەردۆغانی ٦٦ ساڵە پێی وایە مۆسکۆ و پەکین وەک ئەوروپا نین، ناتوانن قبوڵی ڕەخنە بکەن، بە توندی وەڵامی دەدەنەوە .

حکومەتەکەی ئەردۆغان ئەوروپا بە« پڵنگێکی کارتۆنی» دادەنێ وەک Marc Pierini باڵیۆزی یەکێتی ئەوروپای پێشوو لە ئەنقەرە دەڵێت.

دەیەوێ چ بەدەست بهێنێ؟..

ئەردۆغان دەیەوێ تورکیا بکاتە هێز و ئاکتورێکی هەرێمی و بە پێویستی دەزانێ زلهێزە جیهانییەکان هەژماری بۆ بکەن و بەرژەوەندییەکانی لەبەرچاو بگرن .

لە میانەی پەیوەندی لەگەڵ ئەوروپادا سەرەتای ساڵ پەنابەرانی وەک کارتی سیاسی بەکارهێنا و هەڕەشەی پێوە دەکرد.. کاتێ ویستی سنووری بە ڕووی یۆناندا بکاتەوە..ئێستا دەیەوێ کۆچبەر و کۆمەڵگەی /کۆمێنێتی تورکی لە وڵاتانی ئەوروپا بۆ مەرامەکانی بەکار بهێنێ.ئەگەر ئەمەی بۆ مەیسەر بێت، ئەوا هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوو ٢٠٢١ بۆ سیاسییەکانی ئەڵمانیا و ماکرۆن ناخۆش دەبێت. ئاخر ئەردۆغان خۆی وەک سەرۆکی ٦ ملیۆن تورکی موسڵمان لە ئەوروپا نیشان دەدات و هۆشداری دەدات بە سیاسییەکان ، وانەک ئەمانە بکەنە دوژمنی خۆیان. لە مەودایەکی درێژخایەنیشدا ئەردۆغان مەبەستێتی وڵاتەکەی لەژێر سێبەری ئەتاتورکی دامەزرێنەردا بهێنێتە دەرەوە. ئەردۆغان دەیەوێ لەمەودوا بۆ تورکەکان چیرۆکێکی تر بنووسێتەوە و بگێڕێتەوە. ئەمەش کۆمێنتێکی Mehmet Tezkanی ڕۆژنامەنووسە. ڤێرژنی ئەردۆغان تورکیایەکی نوێ، دەوڵەتێکی ئیسلامی، کۆنپارێز/کۆنزەڤاتیف، بەهێزی سەربازی هەرێمی یەکگرتووی کۆماری سەرۆکایەتی تەواو جیاواز لەوەی ئەتاتورک، کە بەرەوە ڕۆژئاوا ڕۆیشتن سیاسەتی فەرمی دەوڵەت بوو، لەزۆر ڕووەوە پاشەکشەی کردوە لەبواری سیاسەتی دەرەکییەوە.

بۆچی ئەڵمانیا وا زۆر بێدەنگ ماوەتەوە؟.

حکومەتی ئەڵمانیا هەتا ئێستا ڕێگریی لە یەکێتی ئەوروپا کردووە سزای تورکیا بدات، لەبەر ئەوەی پێی وایە: لەگەڵ تورکیادا لەڕێی دیالۆگەوە دەتوانرێ زیاتر بەدەست بهێنرێ تاوەکو گوشاری ئابووی و وەتاقخستنەوەی سیاسی.

هەڕەشە و گوڕەشەکان و هەراسانکردنی یۆنان لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و جنێودان بە ماکرۆن ، ئەڵمانیای خستۆتە دۆخێکی نەخوازراوی دژوارەوە. هەتا ١٠.١٢.٢٠٢٠ دەبێت حکومەتی ئەڵمانیا بیر لە شتێکی نوێ بکاتەوە.لەو ڕۆژەدا کۆبوونەی باڵای یەکێتی ئەوروپا EU دەکرێ بۆ بڕیاردان لەسەر سزادانی تورکیا.

ئەو تورکانەی دژە ئەردۆغانن و لەدەرەوە دەژین، ڕەخنەی توند لەسیاسەتی نەرمی ئەڵمانیا بەرامبەر ئەردۆغان دەگرن، کە لەگەڵ بارودۆخی واقعی رژێم لە ئەنقەرە نایەتەوە.

جەنگیز ئەکتاری کە ئێستا هەڵاتووە و لەتاراوگە دەژی دەڵێ: ئەردۆغان بە شەڕ و هەرا دەژی. ئەمیش و کەسانی تریش پێیان وایە سیاسەتی دەرەوەی ئەردۆغان کە پڕە لەکێشە و هەرا و سەرکێشی، هەر بۆ ئەوەیە دەسەڵاتی خۆی لەناوە زیاتر بچەسپێنێ. هەڵمەتی دژایەتی ئەوروپا نابێت دوا سیناریۆ بێت لە ئەنقەرەوە ئامادە کرابێت.

کاریگەرێتی ئەردۆغان لەسەر ئەڵمانیا چەند بەهێزە و سیاسەتەکەی دەبێتە هۆکاری ئەوەی، موسڵمانەکان خۆیان پەڕگیر/ ڕادیکالیزە بکەن؟..

هەڕەشە و گوڕەشەکانی ئەردۆغان بۆ ئەڵمانیا جێی مەترسین، واتە لە بواری ئاسایشدا بە هاندان و جۆشدانی سیاسەتی دژە ڕۆژئاوا، گەنجی تورک و موسڵمان سەرگەرم و پەڕگیر دەبن. ئەمە بۆچوونی پسپۆڕێکی شارەزایە. سنووری حەیا و حورمەت بۆ هێرشکردن« لەڕێی قسەی ئەردۆغانەوە کەم دەبێتەوە». لەبەرئەوە پسپۆڕەکە ئەوە وەبیردێنێتەوە توانا و لێهاتوویی گەنجی موسڵمانی پەڕگیربوو بۆ چییە.

لە مانگی ٧.٢٠٢٠ لە وێستگەیەکی شەمەندەفەر لە Köln-Bonn دوو لوبنانی بەجانتایەک تەقەمەنییەوە هەوڵی سازدانی کارەساتێکیان دا. بەڵام بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکییەوە جانتا نەتەقییەوە. هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو کاریکاتۆرەکانی محەمەد لە چاپەمەنی ئەڵمانیدا بڵاوکرایەوە.. بەم جۆرە ئەردۆغان دەتوانێ کار لەم جۆرە خەڵکە سەختگیرانە/ فەناتیکانە بکات ، واتە ئەردۆغان بە ئاگرەوە بەناو بەنزیخانەدا گوزەر دەکات .

کاتێک ئەردۆغان خۆشەویست و گوێلێگیراو بێت لای زۆری ئەو خەڵکانەی بە ڕەگەز تورکن بەتایبەت لاوان، دەزگاکانی ئاسایش مەترسییەکان بە بایەخ و جددیەوە وەردەگرن. ئەردۆغان خۆی بەهێز نیشان دەدات و موسڵمانانی تری ئەڵمانیا بەلاواز دادەنێ.

دەستی درێژی ئەردۆغان دەگاتە هەر شوێنێکی کۆمەڵگەی تورکی. لەوەڵامێکدا بۆ سیاسەتوان و پەرلەمنتاری چەپ Sevim Dagdelen، حکومەتی ئەڵمانی دەڵێ: دەوڵەتی تورکیا بەردەوام هەوڵ دەدات کاریگەرێتی هەبێ لەسەر کۆمەڵگەی تورکی لە ئەڵمانیا ، بەتایبەت کاریگەرێتی لەسەر پرۆسەی سازدانی ئیرادە و بڕیار دروستکردن.

ئەمەشی بۆ دێتە دی بەهۆی «پەیمانگای یەکێتی تورک- ئیسلامی بۆ ئۆل/ ئاین Türlisch-Islamische Union der Anstalt für Religion». ناسراو بە «Ditib»، کە لەسەرتاسەری ئەڵمانیادا گەورەترین ڕێکخراوی ئیسلامییە.

لەڕاستیدا Ditib لق و دەزگایەکی تورکییە بۆ کاروباری ئاین، مەلا و گوتاربێژەکانی لەلایەن ئەنقەرەوە دەنێردرێن و دادەمەزرێن و مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە.

ئەم ڕێکخراوە نزیکەی ٩٠٠ لە تێکڕای ٢٨٠٠ مزگەوتی لە ئەڵمانیادا هەن، لەژێر چەتری خۆیدا کۆکردۆتەوە و بەڕێوە دەبات.

لەوەتەی هەوڵی کودەتاکەی ساڵی ٢٠١٦دراوە، ئەردۆغان دیتیب وەک زوڕنای سیاسەتەکانی خۆی بەکاردێنێ. ساڵی ٢٠١٧ ئاشکرا بوو مەلاکانی Ditib سیخوڕیان لەسەر لایەنگرانی فەتحوڵا گویلەن کردووە زانیارییەکانیان بۆ ئەنقەرە ڕەوانە کردووە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی دێر تاگە شپیگل ڕۆژی ٢٨.١٠.٢٠٢٠

